شەهریار حەسەن بۆ رۆژی گەل

گۆرانی نەرم لەگەڵ دەنگی من زۆر دەگونجێ

بۆ ئەمجارەی دیداری دوا لاپەرە یەکێک لەو گەنجە بەهرەمەدە بەر چاوەکانمان دواند، کەئەویش (شەهریان حەسەن)ە، ئەم گەنجە بەهرەمەندێکی دەنگ خۆشەو ماوەیەک لەمەوبەر لەبەرنامەی (کوردستار) کە بەرنامەیەکی تایبەتە بەپێگەیاندنی ئەو گەنجانەی دەنگیان خۆشەو توانای گۆرانی چڕینیان هەیە لەو بەرنامە قەشەنگەدا کە دەتوانین بڵێین: هەوڵێکی زۆر دەدرێت کە بەشدار بووەکان بەشێوەیەکی ئەکادیمی دروست بکەن و (شەهریار)یش بەدەرنیە لەوەی کە دوارۆژێکی روون و پرشکۆی لەهونەری گۆرانی گوتن چاوەڕوانیەتی، هەرلەم بارەیەوە ناوبراو بەم شێوەیەی لای خوارەوە بۆماندوا.

پ/ پێش هەرباسێک دەمانەوێت پێمان بڵێیت کەسەرەتای ئاوێتە بوونت بەدنیای هونەر دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟

و/ بێگومان هەموو کەسێک لەژیان خولیایەکی هەیە بەڵام ئەو خولیایەی من خەونێک بوو، لەهەوڵی ئەوەیابووم ئەو خەونە بکەمە واقع بەڵام دەنگخۆشی خولیا نیە بەڵکو بەهرەیەکە، کەمن هەر لەمناڵیەوە هەستم بەو بەهرەیە کردووە دواتر توانیم لەرێگەی ئەو بەرنامەیەوە خۆم بەخەڵک بناسێنم.

پ/ لەپێش پێشکەشکردنی بەرهەمی ئامادەکراوت، بەچ شێوازێک خۆت دەگونجێنیت لەگەڵ ئاوازەکەدا؟

و/ بەڕاستی هەڵبژاردنی گۆرانی تۆزێک قورسە بەتایبەتی بۆ ئێمە کەئەبێت لەگەڵ خودی خۆت زۆر گونجاو بێت، من هەمیشە حەز بەگۆرانی نەرم ئەکەم زیاتر هەستەکەم لەگەڵ دەنگم بگونجێت لەگەڵ ئەوەشا پڕۆڤەیەکی باشی بۆ ئەکەم و پرسی چەند مامۆستایەکی مۆزیکی ئەکەم دواتر ئەداکردنی ئەو گۆرانیە ئەوکات ئەکەوێتە ئەستۆی خۆم.

پ/ ئەو بەرهەمانەی شەهریار هەڵیدەبژێرێت، بۆ سەرکەوتنە لەبەرنامەکەدا، یاخود نزیکی یان گونجانی دەنگێتی لەگەڵیان؟

و/ وەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد هەڵبژاردنی گۆرانی زۆر سەختە بەنیسبەت منەوە، وە ئەو بەرهەمانەی هەڵی ئەبژێرم پێش هەموو شتێک ئەبێ گونجاو بێت لەگەڵ دەنگما ئەگەر گونجاو بێت، بەدڵنیاییەوە هۆیەکە بۆ سەرکەوتنیشم.

پ/ لەکاتی سازدانی بەرنامەکەدا، کەهەرجارەو بەشداربوویەک دەرناچێت، ئایا هیچ کاریگەریەک لەسەر ئێوە بەجێدەهێڵێت؟

و/ بەڕاستی ئەوە ناخۆشترین ساتەکانی ژیانمە چونکە هەموو هاوڕێ بەشداربووەکانم خۆشدەوێت، حەزەکەم لێرەیا ئەوەش بڵێم کە هەموو هەفتەیەک من جارێک گریاوم بەتەئکید تەئسیریشیان لەسەرم هەبووە.

پ/ ئایا شەهریار دڵنیایە لەوەی کەببێتە یەکەمی بەرنامەکە؟

و/ نەخێر چونکە ئێستا خۆم بەدڵۆپێک دەزانم لەدەریای هونەری کوردی، هەموو هەفتەیەکیش چاوەڕێی ئەوە ئەکەم کە لەبەرنامەکە بچمە دەرەوە، بەڵام بالێرەیا سوپاسی دەنگی ئەو کەسانە بکەم کەهەمیشە منیان لەلوتکەدا هێشتۆتەوە هەر لێرەوە دەریایەک رێزو وەفاو خۆشەویستیم هەیە بۆیان.

پ/ شەهریار چی بەهۆگرانی دەنگی خۆی دەڵێت، لەکاتێکدا کەسانێکی زۆر بەهیوای سەرکەوتنی شەهریارن؟

و/ پێش هەموو شتێک پێیان دەڵێم خۆشم ئەوێن، دواتر پەیمانی ئەوەشیان ئەدەمێ کەلەدوای ئەم بەرنامەیەوە هەوڵی ئەوە ئەدەم کەلەستایلی خۆم چەند بەرهەمێک تۆماربکەم و دواتر ئەگەر دەرفەت هەبێت کلیپیشیان بۆ بکەم ، بیکەمە دیاری بۆ هەموو هۆگرانی دەنگم.

پ/ ئایا توانیوتە ئەو دەنگەی خۆت مەبەستە پێشکەشی گوێگرانی بکەیت؟

و/ بەدڵنیاییەوە چونکە پێشتر لەوانەیە بەچەند ستایلێک گۆرانیم وتبێت، بەڵام لەم بەرنامەیەدا زیاتر ئەو ستایلەی کەمن بتوانم گۆرانی پێ بڵێم دۆزیمەوە ، سوپاس بۆخوا تارادەیەک سەرکەوتوو بووم تێیدا.

دوا پەیڤی شەهریار چییە؟

و/ زۆر سوپاس بۆ هەفتەنامەکەتان وە ئەمەوێ لەرێگەی ئەم هەفتەنامەیەوە سوپاسی ئەو کەسانە بکەم کەدەنگیان بەمن داوە، وە پێشیان دەڵێم بەبێ ئەوان هیچ نیم، بەوانەوە جوانم و بەوانەوە ئەتوانم بڵێم شەهریارم.

ئا/ رۆژ



جەبار سابیر

ئایرۆنی

سیکۆتین

ماوەیەکی زۆرە تێبینی یەک شتم کردووە، تێبینی ئەوەی سیکۆتین لەبازارەکاندا کەمبۆتەوە. سیکۆتین چەند جۆرێکی هەیە، زەردو ئاوی و هەندێک جار سەوزو سووریشی هەیە. بەڵام ئێستا هەرە باشەکەیان چەسپە سەریعە یابانییەو سیکۆتینە دووانەییەکەی ئەمریکایە، گوایا هێزەکانی ئەمریکا لەگەڵ خۆیان هێناویانە. لەناوەراستی هەشتاکانی سەدەیی رابردوودا ئەم سیکۆتینە لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکی قەرەج و تورکەوە لەناو شارەکانی کوردستاندا کەبۆسواڵ و دەرۆزە ماڵو ماڵ دەگەڕان، بەکار دەهێنرا. سیکۆتینەکەیان دەکرد بەسەر خاولی یاخود پارچەیەک قوماشداو بۆنەکەیان هەڵدەمژی و بەمەش سەرخۆش و مەست دەبوون و بەرگەی سەرمای زستان و گەرمای هاوینیان دەگرت. بەڵام دوای راپەڕین ئەو سیکۆتینە لەو قەرەجانە سەندرایەوەو درا بەبەرپرسانی حزبی و حکومی کورد. بەڵام ئەوان بەو جۆرە بەکاریان نەدەهێنا تاپێیان نەڵێن سیکۆتین خۆر. بەرپرسانی کوردیش بەکیلۆ دەیان کری و بەسەر کورسییەکەی ژێرخۆریاندا بڵاویاندەکردەوەو ئیتر لەسەری دائەنیشتن و ئەوەبوو وەک دەبینین تائێستاش ئەو سیکۆتینە بەرینەداون و ئەو بەرپرسانە هەر لەسەر کورسییەکەی خۆیان دانیشتوون.

وەک لەسەرتاوە باسمان کرد بەهاتنی هێزکانی ئەمریکا باشترین جۆری سیکۆتین هاتە بازارەکانی کوردستانەوەو ئەمەش باشترین دیاری بوو بۆ بەرپرسانی کورد. ئەم سیکۆتینە ئەمریکییە سیفاتی زۆر باشی هەیە: یەکەمیان هەموو شتێک پێکەوە دەلکێنێ، سیکۆتینەکهیي زوو تەنیا کاغەزو پلاستیک و هەندێک بابەتی تری پێکەوە دەلکان، بەڵام ئەم سیکۆتینە ئەمریکییە ئاسن و دارو بەردت بۆ پێکەوە دەبەستێ. ئەم سیکۆتیینە پارەی زۆر بەدووی خۆیدا کێشدەکات، بەوەی هەر بەرپرسێک بیدا لەکورسییەکەی مانگانە نزیکە دوو دەفتەر دۆلارێک دەکەوێت.

ئەم سیکۆتینە ئەتوانێ ئەندام پەرلەمانێک بۆ ماوەی هەشت تا نۆ ساڵ زیاتریش بەکورسییەکەیەوە بلکێنێت و هیچ هێزێک نەتوانێ لێیکاتەوە. ئەم سیکۆتینە ئەتوانێ سەرۆکی شارەوانی و مدیر عام بۆماوەی دەساڵ بەکورسییەکەیەوە بلکێنێت. ئەم سیکۆتینە توانای هەیە سکرتێری حزب بۆهەتاهەتایە لەسەر کورسییەکەی دانیشێنێ. هەر بۆیە باشترین کریاری ئەم جۆرە سسیکۆتینە سرکتێری حزبەکانن، چونکە ئەوان بەنیازن تاکۆتایی ژیانیان سکرتێربن و لێنەکەوەن. ئەوەیشی زۆر سەیرە ئەوەیە ئەم سکرتێرانە رێژەیەکی بەرچاوی سیکۆتین پاشکەوت دەکەن و دەیدەنە براو کورەکانیان تائەوانیش یەکسەر دوای مردن و نەخۆشکەوتنی براو باوکي سکرتێریان بەکاری بێنن و بەکورسییەکەوەو بلکێنن و تارۆژی قیامەت هەر سکرتێربن. گەر سیکۆتین نەبێت مەعقولە کەسێک لەدوای راپەرینەوە تائێستا هەر وەزیربێت.؟ گەر سیکۆتین نەبێت چۆن کەسێک دەتوانێ لەیەک کاتدا سي وەزارەت بەرێوەبەرێت.؟

فیلم و زنجیرەکانی هندی گەلانی موسڵمان گیرۆدە دەکەن

دوایین لێکۆڵینەوەی پزیشکی کەلەولاتانی ئەفگانستان و جەزائیر و سوریا و عێراق و ولاتانی کەنداو ئەنجامدراوە، دەرکەوتووەکەرایەلەکانی ئاسمانی، بەتایبەتی ئەوانەی فیلم و زنجیرەچیرۆکەکانی هندی پەخش دەکەن ، خەڵکی ئەو ولاتانەیان گیردەوی خۆیان کردووە، هەر ئێوارەدادێ بەپەلەبەرەو ماڵەوەدەگەڕێنەوەو بەدیار فیلم و زنجیرەکان دادەنیشن ، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر ئاستی خوێندن و هۆشیاری جێهێشتووە. کێشەکەلەعێراق لەبەر نەبوونی کارەبا زۆرەگەورەبۆتەوە، ئەمەش وایکردووەکەکێشەی خێزانی گەورەی لێبکەوێتەوە.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکان زیاتر ژنان و کچان دووچاری داوی ئەو فیلمانەهاتوون ، دەیانەوێ لاسایی کۆمەڵگەی هیندستان بکەنەوە، تەنانەت ژنان و کچان حەز دەکەن جلی هیندی بپۆشن و وەکو ئەوان رەفتار لەگەڵ پیاواندا بکەن . پسپۆڕ و شارەزایانی دەروونناسی و سایکۆلۆژی پێشنیار دەکەن کەدایکان و باوکان رێگەنەدەن منداڵەکانیان هێندەبەدیار فیلم و زنجیرەکانەوەدابنیشن، دەنا دوارۆژێکی نارۆشن چاوەڕوانی نەوەی داهاتوویان دەکات .

کامیرۆن دیاز بەدوای پیاوێک دەگەڕێ

ئەستێرەی ناسراوی جیهانی سینەما کامیرۆن دیاز لەدوایین هەڤپەیڤینی خۆیدا راشکاوانەرایگەیاندووەکەبەدوای پیاوێکی دیکەدا دەگەڕێ و دەیەوێ ژیانی هاوبەشی لەگەڵدا پێکبهێنێ .

چەند رۆژ لەمەوبەر کامیرۆن سەردانی وڵاتی ژاپۆنی کردو ویستی دوایین فیلمی خۆی کەبەناوی (پشوو)ەپێشان بدات ، لەوێ کامیرۆن دووپاتی کردۆتەوەکەئاواتەخوازەئەو پیاوەلەنزیکترین کاتدا بدۆزێتەوەو ژیانی هاوبەشی لەگەڵ پێکبهێنێ .

کامیرۆن کۆتایی بەژیانی هاوبەش لەگەڵ گۆرانیبێژی ناودار (جاستین تەمبەر لانک) هێنا کەماوەی چوار ساڵ بوو رۆژنامەناودارەکانی جیهان سەبارەت بەپێوەندی ئەو دوو خۆشەویستەهەواڵی سەیرو ناوادەیان بڵاو دەکردەوە.

لەوانەیەئەمەیەکەمین جار بێت کەژنێکی ناوداری جیهانی سینەما راشکاوانەبەمیدیاکان بڵێ کەئەو بەدوای پیاوێکی نوێدا دەگەڕێ . هەندێک لەرۆژنامەکان ئەو هەواڵەیان بەسەیر ناودێر کردوو بەوەیان تۆمەتبار کرد کەلەجیاتی جلەکانی ئامادەیەپیاو بگۆڕێ !!

ئەنجلینا دەبێتە دایکی منداڵێکی ڤێتنامی!

ئەنجلینا جۆلی ئەستێرەی سینەمای ئەمریکا ئەمجارەیان منداڵێکی ڤێتنامی بەناوی خۆی تۆمار دەکات .

هەواڵەکان دووپاتیان کردەوەکەمنداڵەکەخەڵکی شاری هۆشی مینەیەو لەسەر ئەنجلینا جۆلی ناونووس کراوە ، ئێستا ناوەکەی بۆتەباکس جۆلی. ئەم لەخۆگرتنە تەنیا بەوەکۆتایی دێ کەبالیۆزخانەی ئەمریکا لەهانۆی پێتەختی ڤێتنام بەفەرمی تۆماری بکەن و ناسنامەی بۆ دروست بکەن .

سەرچاوەکان پێیانوایەلەبەر ناوداریتی ئەنجلینا بەزووترین کات بەرپرسانی بالیۆزخانەی ئەمریکا کارەکەرایی دەکەن .

شیاوی باسە پێشتر ئەنجلینا دوو منداڵی دیکەی لەسەر خۆی تۆمار کردبوو، هەروەها لەبرانت بیتی هاوڕێشی منداڵێکی هەیە، ئێستا دەبێتەدایکی چوار منداڵ، دوایینمنداڵناوی (فام کوانگ سانگ)ەو ساڵی ٢٠٠٣ لەنەخۆشخانەی منداڵبوون شاری هۆشی مینەی وڵاتی ڤێتنام چاوی بۆ ژیان کردۆتەوە ، بەڵام دایک و باوکی لەوێ جێیان هێشتووە ، ئەنجلینا لەباوەشی خۆی جێگەی بۆ کردۆتەوەو ناوەکەشی بووەبەباکس جۆلی .

هەواڵەکان جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوەکەئەنجلینا جۆلی بۆ خۆی منداڵەکەی بردۆتەدادگەی شار و داوای لێکردوون تا لەسەر ئەو ناونووس بکرێ .

بەرپرسێک لە کوردستانەوە تەلەفۆنی بۆ برادەرێکی هەندەران نشینی خۆی کردبوو، پێیگوتبوو: ئاگات لێیە کە ئەو ماڵپەڕانە چیمان پێدەکەن؟! تۆ ئەگەر دەیانناسی، هەوڵیان لەگەڵ بدە بەڵکو هیچ لەسەر من نەنووسن! هەرچی بیانەوێ بۆیان دابین دەکەم، تۆش بەر لەوان هەقی ماندووبوونی خۆت لە برات وەربگرە!

هەفتەنامەیەک ئاگای لە مێژووی چەند مانگ لەمەوبەر نیە، دەنووسێ بەرەی گۆڕان ساڵێک لەمەوبەر دامەزراوە، لە کاتێکدا بەرەی گۆڕان لە ١٠-١٠-٢٠٠٦ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی لە شاری هەولێردا خۆی راگەیاندووە!

سەرمایەدارێک بەمەبەستی وەرگرتنی رەزامەندی و ئاسانکاری بۆ دامەزراندنی کارگەیەکی گەورە سەردانی بەرپرسێکی پێتەختی کردبوو، بەرپرسەکە پێیگوتبوو: نەک هەر هاوکاریت دەکەم، بەڵکو بە براکەم دەڵێم کە ١٠٠ هەتا ١٥٠ دەفتەرت پێبدات و ببێتە شەریکت! هەم بۆ تۆ باشترەو هەم بۆ براکەی منیش !!

کچی بەرپرسێک نەشتەرگەری بۆکرا، پێشمەرگەیەک بەهەر هۆیەکەوە بێ گورچیلەیەکی خۆی پێبەخشی، دواتر کە پرسیان، گوتیان: پێشمەرگەکە لە برسان گورچیلەکەی پێفرۆشتووە!! بەڵام کەسێک نەیپرسییەوە : ئەرێ پێشمەرگایەتی بەیەک گورچیلە دەکرێ؟! ئەرێ یاسای سەربازی رێگەی ئەو بازرگانیە دەدات؟!

ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی- یانەی قەڵەم سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێیەم. ٠٧٣٠١١١٣٠٦١

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com